www.kurdistannet.org
24-2-2006 11:37 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بڕوابکە ... سەلاح محمەد

ئەو ڕووبارە،
مشتێ ئاوە
ئەو دارستانە گەورەیە
تەنها لقێکی پێ ماوە
ئەم دڵەی من
مەلێکە ڕەنگاو ڕەنگ
ئێسك سووك
وەکو باخێك
وەك جلی بووك
ڕقی دنیای لەڕوو پۆشە
بەڵام چی بکەم
هەناسە تۆف و هەڵڵایە
مێشکم دەرەقەتی نایە
قسە دڕك
پێکەنین بزماری پۆڵایە
تەنهام و بۆ کۆشێکی گەرم
دەنگێکی نەرم
لەهیچ شوێنێ دەنگێ نایە
دەڵێی ئەم تەمەنە چەند وەرزە
هەر سەرمایە
گۆرانی چۆلەکە بوو ڕۆی
درەختی ئەو هەر تەنهایە
ئەم باخە ماڵە سەوزەی من
هەتاویش لێی دڵگیر بووە
چ تاوانێکم کردوە؟
هەتا ئەستێرەش مردووە
ئازیزە دوورە دڵەکەم
گوێ بۆ گۆرانیم ڕامەگرە
گومانم لە خۆشم کردووە.
*